www.kurdistannet.org
26/06/2003 20:00

# چاو لەکەس مەکە بۆکاری نابەجێ

ئەحمەد دەشتی

دەلێن لە دوای ڕوخانی سەدام و ئەو ڕاوو ڕوتیانەی کە لە بەغداوە کراوە، خەلکێکی زۆر کە پشتیان هەیە و بۆیان لواوە ئوتوموبێلێکی زۆریان دزیوە و ڕاوو ڕوتێکی زۆریان کردووەو لە هیچ شتێك نەپەنگاونەتەوە، کابرایەکی هەژارو نەداریش کە چاوی بەم هەموو خەلکە دەکەوێت کە گیرفانی خۆیان بە دزی و جەردەیی پڕ کردووە و تا بن هەنگلان خۆیان ئاخنیوە و کاری زۆر نارەوایانەیان کردووە، ئەویش دەیەوێ چاو لەو کەسانە بکات کە ئەو هەموو نا بەجێیی ڕاوو و ڕووتە زۆرەیان کردووە و ئوتوموبێلێکی زۆریان دزیوە و بەم کارە زشتانە خۆیان تێرو تەسەل کردووەو لە بەر چاوی ئەم حەمکە خەلکە شەرمیش لە خۆیان ناکەنەوەو خۆیان بە فسفس پالەوان دادەنێن و وا دەزانن نە بایەو نە بارانە، کابرایەکی هەژاریش کە خاونی فلسێك نیەو کۆمەلێ مال و منداليش لە ئەستۆیە و لە برادەرەکەی دەپرسێ و دەلێ:توخوا پێم نالێی فلانەکەس بۆ ئاوا لە ناکاو هەنگڕاو ئاوا دەولەمەند بوو؟برادەرەکەشی پێی دەلێ بۆ نازانی مەسەلە چیە؟ئەویش دەلێ نە بە خوا!!!برادەرەکەی تێی دەگەیەنێ و لە دوایی دا دەلێ نازانی خزمی کێیە ئەویش دەلێ نەخێر، ئەویشی تێ دەگەیێنێ و پێی دەلێ کە سەر بە کێیە!!کابرای هەژاریش زۆر ساکارانە بیر دەکاتەوەو تەماع دەیگرێ، ئەوسا بەهۆی برادەرێکیەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەوانیش بچنە سەیارە دزین و بڕیار دەدەن کە بچنە بەغدا، بۆ ئەو مەبەستە بە ژنەکەی دەلێت:ئافرەت وەزعمان زۆر زۆر خراپەو هیچمان نیە و کارو کاسبیشم نیە شتێ بۆ مندالەکان پەیدا بکەم و زۆر بێ خەرجین دەبێ چارە سەریەکی بکەین، بۆ ئەمەش باشترین کار ئەوەیە کە منیش وەك فیلان و فیلان بکەم و بچمە بەغداو لەوێ بەلکەم شتێکم دەست دەکەوێت و بیهێنم و لە مال و مندالانی خۆمانی سەرف بکەین، خۆ دەبینی فیلان و فیلان چەند ئوتوموبێلیان هێناوەو لە مالەکەی خۆیان داناوە و وا وردە وردەش دەیان فرۆشن و بەم کارە وا بوونەتە میلتی ملیۆنێر و فیتەی سمێلیشیان دێت، ئافرەتەکەش کە ژنێکی ژیرو ئاقل دەبێت و سەری لە مێردەکەی با دەدات و گالتەی بەم کارانەوە دێت و لە دەروونەوە بە کارێکی ناپەسەندو خراپی دەزانێ، ڕوو لە مێردەکەی دەکات و دەلێت: کورە حەمە گیان تۆ چاو لە مالی فیلانەکەس مەکە، ئەوان پشتیان ئەستورە بۆیەکە دەتوانن ئەم کارە بکەن و بۆیان دەلوێت، بەلام ئێمە کێمان لە پشتە تا بەرگریمان لێ بکات، ڤریمان پشتیوانیشمان هەبوو نابێ تۆ دەست بۆ ئەم کاە ناشرینانە بەری، جگە لە وەش تۆ نازانی ئەم کارە کارێکی زۆر زۆر خراپەو لە ئێمە ناکەوێت، ئەی نەت بیستووە کورد دەلێن (ئەگەر مریشك چاو لە قاز بکات لێك هەل دەزڕێ) حەمە گیان واز لەم بیر کردنەوانە بێنە، دەبێ بە قەد بەڕەی خۆمان پێ را بکێشین، تۆشمان بە بەلایەك مەکە و دوایی خەراپمان بە سەر دێت، دزی کارێکی باش نیە لە هەر کێی بکەیت گوناهە و ئاکامی پەشیمانیە و ئەم کارانە لە ئێمە ناکەوێت، واز لەم کارە ناشیرینە و بێ سودە بێنە، من حەز ناکەم تۆ دەست بۆ ئەو کارە زشتانە بەریت، نانە ڕەقەکەی خۆمان لە هەموو شتێکی خراپ و مالی دزراو باشترە، من هەرگیز ڕێگەت پێ نادەم کە تۆ ئەم کارە بکەیت و هەر شتێ لەو ڕێگەوە دەستت بکەوێت من هەرگیز نامەوێ بێتە مالەوە، کابراش سەری لە ژنەکەی خۆی بادەداو زۆری لێ تورە دەبێ و لێی دەچێتە سەر بارێ دارێ و دەلێ ئافرەت تۆ ڕازی بی یا ڕازی نەبی لە گەل فیلانی وادەمان هەیەو دەچمە بەغدا دەلێن لەوێ کەس بە کەس نیەو منیش شتێکم هەر دەست دەکەوێت، هەرچەند ژنەکەی ناڕازی دەبێت و لێشیان دەبێ بە کێشە و هەرا، بەلام کابرا گوێ بە ژنەکەی ناداو مال و مندالی بە جێ دێلێ و بەرەو بەغدا دەڕوات، ئیتر لە دوای چەند ڕۆژێ گەڕان و سوران، ڕێگەی دەکەوێتە بەر دەرگای نەخۆشخانەیەك و کە تێ دەپەڕێ دەبینێ ئەمبولانسێکی ڕێك و خاوێن لە حەوشەکەیە و نەخۆشخانەکەش چۆل و هۆلە، ئەویش هەلی خۆی وەردەگرێت و بەرەبەری ئێوارە یەکسەر دەچێتە حەوشەکەی نەخۆشخانەکەو بە هەزار ناری عەلی دەرگای ئەمبولانسەکە دەکاتەوەو چەتالی دەکات و سواری ئەمبولانسەکە دەبێ و زۆر بە دلخۆشیەوە ئەمبولانسەکە دەدزێت و دلی پێ شاد دەبێت و تێی دەتەقێنێ و بەرەو شارو مالەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کە دەیهێنێتەوە مالەکەی خۆی و لە حەوشەکەی خۆی دا چادرێکی بە سەر ئیسعافەکە دا دەدا و لێی دەگەڕێ، ژنەکە ڕوو لە کابرای مێردی دەکات و دەلێت خوا بتگرێ ئەم بەلایە چیە بۆ ئێمەت هێناوە؟کابراش دەلێ ئافرەت لێم گەڕێ تا چارەیەکی لێ دەکەم و کڕیارێکی بۆ پەیدا دەکەم و دەیفرۆشم و ئەوسا دەزانی چیم کردووە، ژنەکەشی دەلێ وامەزانە کارێکی باشت کردووە، پاشان دەیبینیتەوە، کابراش تیلاکی خۆی لێ خوار دەکات و لێی دەگەڕێ، ئیتر زۆر خەیال پلاوان دەکات و بیر لەوە دەکاتەوە کە لە دوای دەست کەوتنی پارەکەی نرخی ئوتوموبێلەکە

چی بکەن باشـە؟ لە گەل ژنەکەشی دەکەونە مشت و مڕێکی زۆرەوە، چونکە ئافرەتەکە زۆر ژیرانەتر بیری دەکردەوە، زۆر چاك دەیزانیێ ئەوەی کە مێردەکەی کردوویەتی کارێکی زۆر خراپە و بە مێردەکەی هەر دەگوت: حەمە ئەم کارەی تۆ بەلایەکی گەورەیە بە سەر ئێمەت هێناوە! کابراش خۆش بەخەیالیەوە بە ژنەکەی دەگوت: ئافرەت پارەیەکی چاکمان دەست دەکەوێت تۆ چی دەلێی بامن ئوتوموبێلەکە بفرۆشم ئەوسا بلیێ بەلایە و کارێکی خراپە! !ئیتر تا ماوەیەك ئەمبولانسەکە بەم شێوەیە لەبەر ئەو گەرمایە مایەوەو کڕیاری بۆ پەیدا نەبوو، پاش چەند رۆژێك تەواوی دراوسێکان و خەلکی ئەو ناوە هەست بە بۆگەنیەکی زۆر زۆر ناخۆش دەکەن کە ژیانیان لیێ تالڵ دەکات و ناشزانن مەسەلەکە چیە؟ هەرچەندیش دەگەڕێن نازانن ئەو بۆنە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تەشەنەی دەکرد لە کویێ ڕاوەدێت، تا وایان لیێ دیێ زۆر بێزار دەبن و لە مالەکەی خۆیان ژیانیان تال دەبێت و خواردنیشیان بۆ ناخورێت، بە نا چاری ئگاداری پۆلیس دەکەن، دوای ئەوەی کە پۆلیسی ئەو شارە دێن و لە دوای ئەو بۆنە دەگەڕێن ئەوسا بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو بۆنە لەو ئوتوموبێلەوە دێت کە لە حەوشەی کابرا چادرێکی بە سەرا دادراوە، پۆلیسەکان دێنە مالەکەو داوا لە خاوەنەکەی دەکەن کە بیێ تا دەرگای ئوتوموبێلەکە بکاتەوەوسەیرێکی ئەو ئوتوموبێلە بکەن و بزانن ئەو بۆنە چیە لەو ماشێنەوە دێت، کە کابراش دێت و چادرەکە هەل دەداتەوە پۆلیسەکان یەکسەر دەزانن کە ئەم ئوتوموبێلە دزیاریەو لە بەغداوە دزراوە و ئەمبولانسێکە، داوا لە خاوەنی ئوتوموبێلەکە دەکەن کەدەرگای پشتەوە بکاتەوە ئەویش کە دەرگاکە دەکاتەوە یەکسەر چاوی بە تەرمێکی ڤەنیو دەکەوێت، ئیتر لە بەر بۆن و بینینی ئەو تەرمە یەکسەردەشێوی و دەڕشێتەوە و زۆر تێك دەچێت و پاشەو پاش دەگەڕێتەوەو ڕاستەو خۆ بەردەبتەوەو پشتیێ سەری بە ئەرز و بەردێك دەکەوێت، یەك بە خۆی لیێ ڕادەکشیێ و لەو ناوە دەکەوێت، کە پۆلیسەکان دەچنە سەری دەبینن کابرا بەبیێ سیێ و دوو گیانی دەرچوەو فەراقی لە بەر بڕاوە ومرتەقی لیێ نایێت، ئیتر پۆلیسەکانیش کە دەزانن کابرا گیانی دەرچووە، یەکسەر هەلی دەگرن و بە مردوویی کابرا دەبەنەوە مالەکەی خۆی، خێزانی کابراش کە چاوی بەمێردەکەی خۆی دەکەوێت وسەیری دەکات کە گیانی دەرچووە و نەماوە، ئیتر زۆر بە پەشۆکاویەوە یەك بە خۆی هاوار دەکات و دەلێت: کوڕە حەمە گیان نەمگوت: ئەم کارە مەکە ئێمە ئەو کارەمان لیێ ناکەوێت! !نەمگوت: تۆ کەست لە پشت نیە بەرگریت لیێ بکات توشی بەلای سەر دەبین! !ئەوا قسەی من هاتە دی! ئەی نەمگوت:ئەم کارە مەکە دوایی بەلایەکمان بە سەردا دێت؟ ئافرەتەکە بەو پەڕی نگەرانی و گریان و لە خۆ دانەوە ڕووی لەم حەمکە مندالە وردیلەکانی خۆی دەکردو زۆر بە نامرادیوە لە سەرو کگڵاکی خۆی دەدا و دەیگوت: حەمە نەمگۆت وامەکە بەلایەکمان بە سەردا دێت!دەبیخۆ وا خۆت لە سەر دانا، لەو هاوارو ڕۆڕۆیەی ژنەکەدا هاوسێکانیان کۆ دەبنەوەو ئەویش واتە ژنەکەی کابرا هەر هاواری دەکردو دەیگوت (کورە حەمە نەم گوت ئەم کارە مەکە لێمان ناکەوێت و بەلایەکمان بە سەردا دێت) ئافرەتە بیێ دەسەلات و خاوەن ئەو هەموو مال و مندالەی کە بەسەر ئەوا بەجێماون و هیچیشیان نەبوو بە دلێکی پڕ لە ئاخ و حەسڕەتەوە یەك بە خۆی هاواری دەکردو لە خۆی دەدا و دەیگوت (دوا جار خۆشت لە سەر دانا و نەمگۆت کارێکی خراپە وامەکە) ئیتر پۆلیسەکانیش سەیارەکەو مەیتەکەیان بردو ڕۆیشتن و پاشان بۆیان دەرکەوت کە ئەو ئوتوموبێلە لە شاری بەغداوە دزراوەو کابرا نەیزانیوە کە تەرمی مردووی تێدایە و یەکسەر دزیویەتی و هێناویەتی و چاوی لە دزە نقۆلاکان کردو گیانی خۆی لە سەر دانا.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**